# هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی یۆنامی لە کۆیە کرد

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی 3ی ڕێبەندانی 1387ی هەتاوی، شاندێکی پایەبەرزی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز هێرۆ جلْدیان، بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هێزو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان لە کوردستاندا کە بۆ ڕێکخراوی نێوەنەوەیی (UNAMI)ی وەرێ خرابوو، بەشداریی کرد.

سەرەتا "مارتین بۆنشتد" (Matin Bohnstedt)، بەرپرسی بەرنامەڕێژیی دەفتەری مافی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوە ئامانج لەو سەردانەیو چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوی نێوەنەوەیی (UNAMI)ی بۆ بەشداران شی کردەوە. دواتر "مارتین بۆنشتد" داوای لە هەیئەتەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەدا کرد کە راو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە رەوشو بارودۆخی ژنانی کورد لە کوردستاندا دەرببڕن.

ئەندامانی هەیئەتەکانی بەشدار هەر کامەیان بە نۆرەی خۆیان راو بۆچوونی خۆیان لە سەر بارودۆخی ژنان خستە روو. لە لایەن هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، هێرۆ جلْدیانی لە سەر بارودۆخی ژیانی ژنان لە ئێرانو کوردستان بەتایبەت بە وردی دواو باسی زەختو گوشارو سیاسەتە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیسبەت ژنانی کوردستان کرد. هێرۆ جلْدیانی بە وردی تیشکی خستە سەر شێوازو مێتۆدەکانی سەرکووتو چەوسانەوەی ژنانی ئێرانو کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییو ئاماژەی کرد بە هێندێك لە بڕیارەکانی وەك ئێعدام، سەنگسار، گرتن، ئەشکەنجە، دادگاییکردنو ... بە نیسبەت ژنان تەنیا بە تاوانی مافویستیو یەسکانیخوازیو بەرابەریی حقووقیی نێوان ژنو پیاو لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵ، بە بێ جیاوازیدانانو هەڵاواردنی جینسی. هەروەها چەند سەرنجێك لە سەر دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان خرایە رووو تیشك خرایە سەر میکانیزمو ڕێگاچارەکانە ئەو دیاردانە کە کاریگەریی نیگاتیڤو راستەوخۆیان لە سەر ژیانی ژناندا هەیە.

شایانی باسە ڕێکخراوی نێوەنەوەیی (UNAMI) لە بواری کاروباری مافی مرۆڤو بەتایبەت مافی ژنان لە عێراقدا چالاکیی هەیەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەدات بە بەشی تایبەتی خۆی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەیئەتی ئەو ڕێکخراوە بە سەرپەرەستیی "مارتین بۆنشتد"و هاوڕێیەتیی خاتوو "بۆشرا جەمیل"و "شنۆ فەرەج" بەشدارییان لەو کۆبوونەوە بەرینەی هێزو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان کرد کە لە هۆڵی "نەجیبە"ی شاری کۆیە بەرێوە چوو.





